## ڕێکخراوی وچان بۆ قوربانیانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ
## سەنتەری ڕاهێنان و چارەسەری زەبری دەروونی

# Suicide Prevention

زۆربەی حاڵەتەکانی خۆکوشتن کتوپڕ و لەناکاو نین، بەڵکو ماوەیەک پێش هەوڵی خۆکوشتن ئەو کەسە چەندین گۆڕانکاری تیا دروست دەبێت کە چواردەورەکەی دەتوانن بیناسنەوە و هەستی پێبکەن.

ئەم بڵاوکراوەیە بەهاوکاری ئەنجومەنی نێودەوڵەتی ڕاهێنانەوەی قوربانیانی ئەشکەنجە (IRCT) چاپکراوە

**پێش ئەوەی کەسێک هەوڵی خۆکوشتن بدات، چواردەورەکەی دەتوان بیناسنەوە و ڕزگاری بکەن**

### بۆ ڕێگرتن لە خۆکوشتن دەتوانرێت چی بکرێت؟

ئەگەر تەنها بیری خۆکوشتنت هەبوو پێویستە:

_ بەکراوەیی و ڕاستەوخۆ لای ئەوکەسانەی متمانەت پێیانە قسە بکە دەربارەی ناخی خۆت.
_ لە زووترین کاتدا سەردانی پسپۆڕی دەروونی بکە.
_ ڕێنماییەکانی پسپۆڕی دەروونی جێبەجێ بکە.

ئەگەر کەسێکی نزیکت مەترسی خۆکوشتنی هەبوو پێویستە:

١. ئەو قسانەی دەیکات دەربارەی خۆکوشتن، بە هەند وەریبگرن و پشتگوێی مەخەن.
٢. لە زووترین کاتدا پسپۆڕی دەروونی ببینێت و خۆتان سەرپەرشتی وەرگرتنی دەرمانەکانی بکەن
٣. لە ناوماڵدا هەموو ئەو شتانە دووربخەنەوە کە مەترسی خۆکوشتنی پێدەکرێت وەکو (دەرمان، ژەهر، تفەنگ، چەقۆ، نەوت، ....).
٤. بەردەوام شەو و ڕۆژ چاودێری حاڵەتەکە بکەن و بەتەنها جێی نەهێڵن.
٥. بە هەڵوێست و مامەڵەی ڕابردووی خۆتاندا بچنەوە و ژینگەیەکی لەبارتر بۆ حاڵەتەکە دروست بکەن.
٦. دووربکەونەوە لە سەرزەنشتکردنی حاڵەتەکە دەربارەی ئەو فکرە خۆکوژییانەی هەیەتی.

**هەرکەسێک مەترسی خۆکوشتنی لێدەکرا، پێویستە بەزووترین کات سەردانی پسپۆڕی دەروونی پێبکەیت.**

### وچانێک بۆ دەستپێکردنەوە بە ژیان
### ڕێکخراوی وچان بۆ قوربانیانی پێشێلکاری مافی مرۆڤ

ڕێکخراوێکی ناحکومی سەربەخۆی مافی مرۆڤە. کاردەکات بۆ بەگژاچوونەوەی ئەو پێشێلکاریانەی کە لە ئەنجامی گرتن و ئەشکەنجە، جەنگ، کارەساتی ئەنفال یان هەر جۆرێکی تری توندوتیژی کە ڕوودەدات. لە ڕێگەی (سەنتەری ڕاهێنان و چارەسەری زەبری دەروونی) کە بەرنامەیەکی سەرەکی ڕێکخراوی وچانە و لە ساڵی (٢٠٠٨)دا کراوەتەوە، کاردەکات بۆ چارەسەرکردن و ڕاهێنانەوەی قوربانیانی ئەو پێشێلکاریانە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو زەبرە دەروونیەی بەسەریاندا هاتووە.

ناونیشان:
عێراق _ هەرێمی کوردستان / سلێمانی شەقامی ٤٤ - گڵەزەردە
کۆڵانی ٤٠٤ گەڕەکی ٦٦ - شێخ محی الدین، بینای ژمارە ٩٢
ژ. نۆرماڵ: ٣١٧٤١٠٤
ژ. ئاسیا: ٠٧٧٠١٣٩٧٩١٤
ژ. فانوس: ٠٧٤٨٠١٨١٤٥١
wchan.org@gmail.com
www.wchan-trtc.org

## چەند زانیارییەکی گشتی دەربارەی خۆکوشتن :

- بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی (W.H.O) ساڵانە لە جیهاندا زیاتر لە ٩٠٠ هەزار کەس خۆی دەکوژێت، لەکاتێکدا ڕێژەی هەوڵی خۆکوشتن دە ئەوەندەی ئەو ژمارەیە دەبێت.
- هەوڵی خۆکوشتن سێ هێندە لەمێینەدا زیاترە وەک لە نێرینە، بەڵام خۆکوشتنی تەواوەتی چوار هێندە لە نێرینەدا زیاترە وەک لە مێینە.
- خۆکوشتن لەهەموو تەمەنێکدا ڕوودەدات، بەڵام هەرزەکاری و سەرەتای لاوێتی ترسناکترین قۆناغن (لەم تەمەنەدا بە سێیەمین هۆکاری گیان لەدەستدان دادەنرێت)
- زۆربەی ئەوانەی بیردەکەنەوە، پلاندادەنێن، یان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن چارەسەری پێویست وەرناگرن.
- خۆکوشتن لە کەسی زگوردا دوو هێندە زیاترە لە هاوسەردار .
- پەیوەندییەکی ئاشکرا لەنێوان نەخۆشییە دەروونییەکان و خۆکوشتندا هەیە، (٣٠٪-٧٠٪ ) خۆکوشتنەکان پەیوەندییان هەیە بە حاڵەتی خەمۆکییەوە.
- ئەوانەی لەسەر مەی خواردنەوە ڕاهاتوون (١٥٪)یان هەوڵی خۆکوشتن دەدەن.

**هەرکەسێک ڕاستەوخۆ وتی خۆم دەکوژم پێویستە پەیامەکەی بەهەند وەربگریت و پشتگوێی نەخەیت**

## خۆکوشتن چییە؟

بریتییە لە کۆتاییهێنانی خوویستانەی مرۆڤ بە ژیانی خۆی. ئەم کارەش لە ئەنجامی هەڵبژاردنێکی ئازادانەی خۆیەتی دەرهەق بەژیانی خۆی و هەندێک جار کارەکە سەرکەوتوو دەبێت و ژیانی کۆتایی دێت، بەڵام هەندێک جار سەرکەوتو نابێت و لە ژیاندا دەمێنێتەوە.

## ناسینەوەی ئەو کەسانەی مەترسی خۆکوشتنیان هەیە:

١. پێشتر هەوڵی خۆکوشتنی دابێت.
٢. نەخۆشییەکی دەروونی هەبێت وەکو خەمۆکی، دڵەڕاوکێ.
٣. دروستبوونی گۆڕانکاری لە هەڵسوکەوتیدا وەکو دابڕان و کەمبوونەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ چواردەوردا.
٤. ئالودەبوون لەسەر کحول یان ماددەی هۆشبەر.
٥. هەستکردن بە تەنهایی، هەستکردن بە بێهیوایی و نەبوونی یارمەتی.
٦. دروست بوونی گۆڕانکاری لە شێوازی خواردن و خەوتن و چالاکی ڕۆژانە.
٧. هەبوونی سیمای شەڕەنگێزی یاخود زووهەڵچوون لە کەسەکەدا.
٨. بوونی خۆکوشتن یان هەوڵی خۆکوشتن لە مێژووی خێزانەکەیاندا.
٩. لەدەستدانی کەسێکی نزیک، سەروەت و سامان، کار و پیشە لەو ماوەیەدا.

## ئەو پەیامانەی مرۆڤ کە ئاماژەن بە خۆکوشتن :

- بەشێوەی قسەکردنی ڕاستەوخۆ بە چواردەورەکەی دەڵێت " خۆم دەکوژم ".
- لەگەڵ تووڕەبوون هەڕەشەی خۆکوشتن دەکات و دەڵێت "لەداخی تۆ خۆم دەکوژم، فلان شتم بۆ نەکەن خۆم دەکوژم، ..."
- ماوەیەک پێش هەوڵی خۆکوشتن چەند وتەیەک دەردەبڕێت کە ئاماژەن بە بێزاری و نائومێدی وەکو "کەی ئەمە ژیانە، مردن خۆشترە لەژیان، ".
- لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی یان هاوڕێکانی هەندێک وتە بەکاردەهێنێت وەکو " ئەگەر یەکترمان بینییەوە جارێکی تر ".
- بە شێوازی کرداری ئاماژە بە چواردەوری دەدات کە نیەتی خۆکوشتنی هەیە وەکو (پەیداکردنی چەک، کۆکردنەوەی حەب، پەیداکردنی ماددەی ژەهراوی، ئامادەکردنی نەوت یان بەنزین، ..)
- ماوەیەک پێش هەوڵی خۆکوشتن هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی شتە تایبەتەکانی خۆی وەکو وەسیەتکردن، نوسینی نامەی پێش خۆکوشتن، قەرزدانەوە، یان بەخشینی شتەکانی.
- پێشتر کەسێکی گۆشەگیر بووە بەڵام لەو ماوەیەدا سەردانی زۆربەی خزم و کەس و هاوڕێکانی دەکات، وەکو خواحافیزی کردنێک.

**ئەگەر فکری خۆکوشتنت لا دروست بوو زۆر بەکراوەیی و ڕاستەوخۆ قسەبکە لەگەڵ ئەوکەسەی متمانەت پێیەتی**